# ڕۆڵی سەروا
# لە بنیاتی مۆسیقای شیعرەکانی صافی هیرانی دا

**بارزان طاهر احمد**

**پوختە**

سەروا وەک لایەنێکی سەرەکی مۆسیقای شیعر بە هاوبەشی لەگەڵ کێش، ڕۆڵی سەرەکییان هەیە بۆ دروستکردنی مۆسیقای دەرەوەی هەر شیعرێک، بۆیە ئەگەر لە شیعرێکدا کێش بەپێوانەکردن ئاوازێک درووست بکات بەتایبەتی لە شیعری کلاسیکیدا، ئەوا سەرواش لە ڕێگەی دووبارەبوونەوەی پیتەکان لە تەواوی شیعرەکان و بەتایبەتی لە کۆتای دێڕە شیعرەکاندا مۆسیقایەکی دڵگیر و خۆش بۆ مۆسیقای دەرەوەی شیعر درووست دەکات، هەر بۆیە شاعیرانی کلاسیک لەناویشیاندا بەتایبەتی (صافی هیرانی) بۆ ئەوەی جوانترین مۆسیقا لە شیعرەکانیاندا پێشکەش بکەن سوودیان لە بەکارهێنانی کێش و سەروا و زۆربەی ئەو هونەرانە وەرگرتووە کە دەبنە مایەی درووستبوونی مۆسیقایەکی دڵگیر و سەرنجڕاکێش. شیعرەکانی صافی پڕاوپڕن لە سەروای جوان و مۆسیقای واتادار، شاعیر هێندە بە دانایی شیعرەکانی هۆنیوەتەوە کە لە هەموو دێڕە شیعرەکانیدا هەست بە جوانی ئاستەکانی سنوری سەروا و هەموو جۆرەکانی سەروای لە شیعرەکانیدا دەکەین، بە شێوەیەکی گشتی شاعیر یەکێتی سەروا و هونەرەکانیتری بەکارهێناوە، هەروەها توانایی و دانایی لە غەزەل و قەسیدە و چوارین و تەواوی شیعرەکانیدا زۆر بە جوانی ڕەنگی داوەتەوە.

وشە کلیلیەکان: شیعری کلاسیک، سەروا، صافی، مۆسیقای شیعریی

## پێشەکی

ئەم توێژینەوەیە (**ڕۆڵی سەروا لە بنیاتی مۆسیقای شیعرەکانی صافی هیرانی دا**)، زانستییانە لە سەروای شیعرەکانی صافی هیرانی دەکۆڵێتەوە و ئاستی ئاهنگ و مۆسیقای سەروای شیعرەکانی صافی دیاریی دەکات. هەوڵێکە بۆ ئاشکراکردن و قوڵبوونەوە لە شیعرەکانی شاعیر لە بابەتی بەکارهێنانی سەروای شیعریی و جۆرەکانی سەروادا.

صافی هیرانی بە هۆی تواناکانییەوە لە شیعرەکانیدا سەرواگەلێکی بەرهەم هێناوە کە بۆ ئەدیب و شاعیران و ڕەخنەگرانی ئەم بوارە بوونەتە جێگای تێڕامان، ئەوەش بە هۆی ئەوەوەیە کە سەروای شیعرەکانی بە شێوەیەکی گشتی و بە تایبەتی ئەو شێوە سەروایانەی کە لە غەزەلەکانیدا بە کاری هێناون هێندە جوان و دڵگیرن، بە ئاسانی دەچنە بەردڵان و خوێنەر تام و چێژێکی تایبەتییان لێ وەردەگرێت.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ دوو هۆکار دەگەڕێتەوە، یەکەمیان بۆ خودی صافی، کە یەکێکە لە شاعیرە بەتوانا و لێهاتووەکانی قوتابخانەی شیعری کلاسیکی کوردی، لەو مەیدانەدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە و بەرهەمگەلێکی نایابی لە کاتێکی گونجاو پێشکەش بە مێژووی ئەدەبی کوردی کردووە. دووەمیان بۆ ئەو ئاهەنگ و مۆسیقایە دەگەڕێتەوە کە لە شیعرەکانیدا هەیە، بە تایبەتی ئەو جۆر و شێوە سەروایانەی کە لە شیعرەکانیدا بوونەتە هۆکاری دروستکردنی ئەو مۆسیقایەی بە ئاسانی دەکەوێتە بەر دڵان.

ئەم توێژینەوەیە، جگە لە پێشەکی لە دوو بەشی سەرەکی و ئەنجام و سەرچاوە پێکهاتووە. لە بەشی یەکەمدا بە کورتی باسی ڕۆڵ و گرینگی سەروا لە دروستکردنی ئاهەنگ و مۆسیقای شیعری دەکەین و دواتر باسی دوو جۆری سەروا دەکەین کە بریتیین لە یەکێتی سەروا و

سـەروای هەمەڕەنـگ. لە بەشـی دووەمـدا باسـی ئاهەنـگ و مۆسـیقا لە سـەروای شـیعرەکانی صـافی هیرانـی دا دەکەیـن و نمـونەی شـیعری لە غەزەل و چـــوارین و چوارخشـــتەکی و پێنجـــین و پێـــنج خشـــتەکی دەخەیـنەڕوو. لە کۆتایـدا باسـی ئەو ئەنجامـانە کـراوە کە لە مـاوەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتین و دواتر ئاماژی بەو سـەرچاوانە کراوە کە لە پاشـخانێکی بـاش بـوون بـۆ نووسـینی تـوێژینەوەکە. لە کۆتاییـدا پـــوختەی تـــوێژینەوەکە بە زمـــانی عەرەبـــی و بە زمـــانی فارســـی نووسراوون.

## ١-ئاوازە و مۆسیقا لە سەروای شیعردا

سـەروا وەک لایەنێکـی سـەرەکی مۆسـیقای شـیعر، لە ڕێگـای دوبـارە بوونەوەی پیتەکان لە تەواوی شیعرەکان و بە تایبەتی لە کۆتـایی دێـرە شیعرەکاندا بە هۆی کۆمەڵە دەنگێکەوە مۆسیقایەکی دڵگیـر و خۆشـیان بـۆ مۆسـیقای دەرەوەی شـیعر دروسـتکردووە و یەکێکە لە بنچینەکـانی دروسـتکردنی ئاهەنـگ و مۆسـیقا، هەروەهـا لایەنـی جـوانی و ناسـکی هەسـت لە شـیعر پیشـان دەدات و هۆکـارێکی باشـە بـۆ دروسـتکردنی خۆراکی ڕۆحی بۆ مرۆڤ، ((لە هەموو شیعرێک مۆسیقا بنچینەیە، بەبێ مۆسیقا هیچ شیعرێک نابێت بە شیعر)) (شوقی ضیف، ١٩٨٧، ١٣٧).

عەزیز گەردی، لە کتێبی ***کێشناسی کوردی*** دا سـەبارەت بە سـەروا، ئاماژە بەوە دەکات کە، سەروا بریتییە لە دووبارە بوونەوەی دەنگێک یا چەند دەنگ و وشـەیەک لە کۆتـای لەت یـان دێـرە شـیعردا.. سـەروا بە زۆری لە کۆتای لەت یان دێرە شیعر دێت بەڵام دەشبێت لە ناوەوە بێت (سەروای ناوەوە) یان لە سەرەتا (سەروای سەرەتا)، سەروا بۆی هەیە لە پەخشانیش بێت وەکو پەخشانی سەروادار.. (عەزیز گەردی، ٢٠١٤، ٢٦٩).

موزیک و ئاهەنگ، ئەو پێکهاتە ناسک و جوانەیە کە هەڵقوڵاوی ناخی شاعیرە و لە شیعردا ڕەنگ دەداتەوە، کار دەکاتە سەر هەستی خوێنەر و بیسەر و چێژێکی تایبەت دەبەخشێت، ئەو هەستە جوان و ناسکەی ناخی شاعیریش ڕادەی بەهێزی و بێهێزی شاعیر دەردەخات لە دروستکردنی ئاهەنگ و مۆسیقا، ئەمەش پێویستی بە ئاست و توانای بەرزی شاعیرەوە هەیە، چونکە ((شیعر، بیر و باوەڕ و ڕێکخستن و مۆسیقایە))(دیوانی سەلام، ١٩٨١، ٢٥). سەروا لەلای شاعیرانی کلاسیکییەوە یەکێک بووە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی شیعر، شاعیرانی کلاسیک هەمیشە هەوڵیانداوە لەو دەستور و یاسایانە لانەدەن کە بۆ شێوازی نووسینی شیعری کلاسیکی هەبوو، بۆیە چۆنیەتی بەکارهێنانی سەروا چۆنیەک و جیاوازی هەیە، لەم ڕووەوە ((ئەگەر سەیری شاعیرانی کلاسیکی کۆن بکەین دەبینین لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە یەک سەروا شیعرەکانیان هۆنراوەتەوە))(ژوان عەبدولسەلام عزیز گەردی، ٢٠١٨، ١٦٤).

لە شیعری کلاسیکیدا شاعیران لە هۆنینەوەی شیعردا کاتێکی زۆریان بۆ دروستکردنی سەروا تەرخان کردووە، بۆ ئەوەی بتوانن مۆسیقایەکی دڵگیر بۆ شیعرەکانیان دروست بکەن، بۆ ئەم مەبەستە شاعیر هەوڵ دەدات ((خۆی پابەند بکات بۆ ئەوەی جۆرێک لە ڕێکخستن و گونجان درووست بکات تا بتوانێت مۆسیقایەک بۆ وشەی دوا دێرەکان درووست بکات))(شعبان صلاح، ٢٠١٥، ١١). شاعیرانی کورد و بەتایبەتی شاعیرانی هەولێر، هاوشێوەی شاعیرانی پێش خۆیان بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر سەروایان بەکارهێناوە، یەکێکییان یەکێتی سەروایە و ئەویتریان سەروای هەمەڕەنگە.

## ١-١- یەکێتیی سەروا

یەکێتیی سەروا یان سەروای یەکگرتوو، ئەو جۆرە سەروایەیە کە هەموو دێرەکانی شیعرەکە بە شێوەیەکی ستوونی بەیەک جۆرە شێوە سەروا کۆتاییان دێت و جۆرە یەکگرتنێکی هاوشێوەیی پیشان دەدەن. سەروای یەکگرتوو لە گەڵ ئەو یەکگرتنەیدا مۆسیقایەکی جوان بە شیعرەکە دەبەخشێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت ئەوەیە کە ئەو جۆرە سەروایە زیاتر لە شیعری شاعیرانی کلاسیک بەدی دەکرێت، هەروەها دەتوانین بڵێین، ئەو سەروایە لە بنەڕەتدا هی شاعیرانی کورد نەبووە، بەڵکو دەگوترێت ((یەکێتی سەروا شێوەیەکە لە عەرەب وەرگیراوە))(مارف خەزنەدار، ١٩٦٢، ٥٨)، بەڵام شاعیرانی کورد زیرەکانە هەوڵیان داوە بیگوازنەوە بۆ ناو شیعری کوردی و بۆ دروستکردنی مۆسیقای شیعریی سوودی لێ وەربگرن.

## ١-٢- سەروای هەمەڕەنگ

سەروای هەمەڕەنگ هۆکارێکە بۆ دروستکردنی مۆسیقایەکی هەمەڕەنگ بۆ ڕوخساری دەرەوەی شیعر، ئەم جۆرە سەروایە بریتییە لە دووبارە بوونەوەی دەنگێک یان زیاتر لە دەنگێک کە لە کۆتای دێرە شیعر دەردەکەوێت، بەڵام ئەم دووبارە بوونەوەیە مەرج نییە لە کۆی دێرە شیعرەکاندا هاوشێوەین. چونکە لە سەروای هەمەڕەنگدا شاعیر ئازادە لە هەر دێرە شیعرێکدا سەروای جیاواز و هەمەڕەنگ بۆ شیعرەکەی بەکاربێنێت، بەمەش مۆسیقایەکی هەمەڕەنگ و جۆراوجۆر و جوان لە شیعرەکەیدا کۆدەبێتەوە، هەر دێرە شیعرێک بە هەناسەیەکی جیاواز لە دێرە شیعرەکانیتر مۆسیقای شیعری خۆشتر پێشکەش دەکەن. ئەم جۆرە سەروایە جگە لەوەی شاعیرانی کلاسیک بەکاریان هێناوە شاعیرانی نوێش بەکاری دەهێنن ((شاعیرانی نوێ بۆیە پەیڕەوی ئەم

جۆرە سەروایەیان کردووە، بۆ ئەوەی هەست و سۆز و دیاردە دەروونیەکانییان بە ئاواز و ریتمێکی نوێ واتایەکی تەواو بە بەرامبەرەکەیان بگەینن)) (ژوان گەردی، ٢٠١٨، ١٦٩).

سەروای هەمەڕەنگ بواری بۆ شاعیران خۆشکرد بۆ ئەوەی چیتر خۆیان لە چوارچێوەی سەروای ستوونی و یەکێتی سەروا قەتیس نەکەن، چونکە زۆر جار بۆ نووسینی شیعرێکی ستوونی (یەکێتی سەروا) شاعیر ناچار دەبوو پەنا بۆ بە کارهێنانی دەنگ و وشەی نەگونجاو و بێ مانا (لاواز) ببات، هەموو ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە یەکێتی سەروا لە شیعرەکەیدا بپارێزێت و پێویستییەکانی سیستەمی سەروای ستوونی پێ پڕبکاتەوە. دیسان ئەمەش تاکە هۆکاری دروستبوونی سەروای هەمەڕەنگ نییە، چونکە بەیت و پەند و شیعری فۆلکلۆری کوردی هەر لە زووەوە بوونیان هەبووە و زۆربەی هەرە زۆریان بە شێوەی سەروای هەمەڕەنگ گوتراوون، بەڵام دەتوانین بڵێین سەرەڕای هەبوونی هەر هۆکارێک سەرەنجام سەروای هەمەڕەگ کرانەوەیەکی باش بوو بۆ شاعیرانی کورد، چونکە توانییان لەو ڕێگەیەوە بە شێوەیەکی باشتر و ئاسانتر شیعرەکانیان بهۆننەوە. ((ئاسۆیەکی ئەوتۆی لە بەردەم شاعیراندا کردۆتەوە کە بتوانن سەربەستانە مامەڵە لەگەڵ قافیەدا بکەن)) (دلشاد عەلی، ٢٠٠٧، ٢٢١).

سەبارەت بە سەروای هەمەڕەنگ شاعیرانی کورد چەندین جۆر و شێوەی جیاوازی سەروایان لە شیعرەکانیاندا بەکارهێناوە، بۆ نمونە، وەک: سەروای تاک، جووت سەروا، چوارین چوارخشتەکی، پێنج خشتەکی، شەشین..هتد. بە هۆی پەیدابوونی ئەو جۆر و شێوە جیاوازانە شاعیرانی کورد لە مەودایەکی فراوانتر کاریان بۆ نووسینی شیعر کردوە و هەریەکەو لای خۆیەوە چەند جۆر و شێوەی جیاوازیان

بۆ نووسینی شیعر گرتۆتە بەر، شاعیر بە پێی حەز و ویست و توانای خۆیەوە هەریەک لەو جۆرانە یان چەند جۆرێکی بەکارهێناوە، مەرج نییە کە هەر شاعیرێک کۆی جۆر و شێوە جیاوازەکانی سەروای هەمەڕەنگ لە نووسینی شیعردا یان لە دانانی دیوانێکی شیعریدا بەکاربهێنێت. چونکە بەکار هێنانی هەریەکەیان یان بەکارهێنانی چەند جۆرێکیان بۆ ویستی خوودی شاعیرەکە دەگەڕێتەوە، واتا سەرکەوتن و توانا و بەهێزی شاعیر بۆ شیعرەکەی دەگەڕێتەوە کە ئاخۆ تا چەند دەتوانێت کاریگەر دەربکەوێت.

**٢-ئاهەنگ و مۆسیقا لە سەروای شیعرەکانی صافی هیرانی دا**

شیعر ژانرێکی ئەدەبییە و ئاوازێکی تایبەتی هەیە، لە ناخی شاعیرەوە هەڵدەقوڵێت و لە ناو ڕووبەری خەیاڵەوە دێتە بوون، ڕووبەری خەیاڵیش ڕووبەرێکی فراوان و بێ سنوورە، شێوەی هەڵقوڵانیشی لەوەوە دەست پێدەکات کاتێک شاعیر بیر دەکاتەوە، دواتر لە ناو بیرکردنەوەکانیدا قوڵدەبێتەوە تا ئاستی "ئەندێشە" خەیاڵ، لەوێوە شاعیر لە ڕێگەی دەربڕینەوە داهێنانەکەی دەردەخات، کەواتە شیعر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە بیرکردنەوەوە هەیە، بیرکردنەوەکانیش وەکو پردێکن بۆ گەیشتن بە خەیاڵ، واتە خەیاڵ نیشتمانی شیعرە و شیعریش دەکەوێتە پانتایەکی فراوانی بێ سنوور و هیچ بەربەستێک ناتوانێ بەری پێبگرێت.

صافی هیرانی لەو مەیدانەدا، بەهۆی بیرکردنەوە قوڵەکانی و خەیاڵە فراوانەکەیەوە تا ئاستێکی بەرز ڕۆیشتووە، شیعرەکانی تەژی لە ئاهەنگ و مۆسیقای کردوون و لە هونەری بەکارهێنانی سەروادا جوانترین نموونەی شیعری پێشکەش کردووین، بە هۆی بە هێزی و کاریگەری شیعرەکانییەوە لە سەردەمی خۆی و لە دوای مردنیشی

بووەتە جێی بایەخی زۆربەی ئەدیب و شاعیر و ڕەخنەگرانی کوردەوە. شاعیر لە دیوانەکەیدا کۆمەڵێک شیعری دانیسقە و جوانی پێشکەش کردوویین، شیعرەکان هەڵقوڵاوی ناخ و بەرهەمی پانتایی بیرکردنەوە و خەیاڵی شاعیرن، سەروای شیعرەکان هۆکارێکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی ئاهەنگ و موزیک. شاعیر لە شیعرەکانیدا چەند جۆرێکی سەروای بەکارهێناوە، ئێمەش بە شێوەیەکی زانستی بەم شێوەیەی خوارەوە بۆ دوو جۆری سەرەکی دابەشمان کردووە:

**٢-١- سەروای یەکگرتوو**

سەروای یەکگرتوو، ئەو جۆرە سەروایەیە کە شاعیرانی ئەو سەردەمە کەمتر بەکاری دەهێنن، بەڵام شاعیرانی کلاسیک بە شێوەیەکی فراوان بەکاریان هێناوە، بۆیە ئەو ناوەشی لێندراوە چونکە شاعیر لە شیعرەکەیدا لە کۆتای هەموو دێرەکاندا یەک جۆر سەروا بەکار دەهێنێت. هەرچەندە لەم جۆرە سەروایەدا مۆسیقایەکی دڵگیر پێشکەش دەکرێت، بەڵام شاعیر بە هۆی پابەندبوونی بە پاراستنی یەکێتی سەروا ناتوانێت بە ویستی خۆی و بە ئاسانی مەبەستەکەی دەرببڕێت مەگەر تواناکانی شاعیر لە ڕادەبەدەربن ئەوکات دەتوانێت بەرهەمێکی دڵخواز پێشکەش بە خوێنەر بکات.

صافی وەک لە دیوانەکەی هاتووە (٥٢) شیعری بە یەکێتی سەروا هەیە، ئەم شیعرانە درێژیەکەیان بەم جۆرەی خوارەوەیە.

خشتەی ژمارە (١)

| درێژی شیعر بە دێر | ٥ | ٦ | ٧ | ٨ | ٩ | ٢٦ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی شیعرەکان | ١ | ١ | ٣٤ | ٢ | ١٣ | ١ |

صـــافی هیرانـــی وەک یەکێــک لە شـــاعیرە بە تواناکـــان، لە زۆربەی شـیعرەکانیدا یەکێتـی سـەروای بەکارهێنـاوە، زۆر زیرەکـانە وشـەکانی خستۆتە پاڵ یەکتری و شێوە و ناوەڕۆکێکی جوانی پێشکەش کردووین. بـۆ نمـونە شـاعیر لە شـیعری (وردە خـاڵی ئێسـتەکەش نـازێ لەسـەر پەروین دەکا) بە هۆی پەیڕەوکردنی یەکێتی سەروا مۆسیقایەکی جوانی لە شیعرەکەدا دروستکردووە:

وردە خاڵی ئێستەکەش نازێ لەسەر پەروین دەکا
چاوی بازی دائیما بازی بە ئاهووی چین دەکا
ڕۆژی جێژنە عادەتە دەستی حەنایی کا مەگەر
سا کە وا بێ دێ بە خوێنم پەنجەکەی ڕەنگین دەکا
تەیری دڵ لەم ناوە دەرناچێت و ئەو حەددی چییە
چونکە یارم بازێکە نەخچیری سەد شاهین دەکا
حەقی کوشتەی خۆی ئەدا ئەغیار و ئەمما یاری من
قاتڵێکە دەیکوژێ، خوێنیشی لێ تەزمین دەکا

لەم شـیعرەدا وشـەکانی سـەروا، بـریتین لە (چـین دەکـا، ڕەنگین دەکـا، شاهین دەکا، تەزمین دەکا...) بەم شێوەیە تا کۆتایی سەروای شـیعرەکە بەردەوام دەبێـت. (دەکـا) پـاش سـەروایە و وشـەکانی (چـین، ڕەنگـین، شاهین، تەزمین...) وشەی سەروان.

شـاعیرانی کـورد پێشـتر لە هونەرەکـانی نووسـینی شـیعردا گرینگـی زۆریان بە نووسینی غەزەل داوە، لەو بارەیەوە صافی هیرانی دەورێکی بـــاڵای هەیەو زۆربەی شـــیعرەکانی غەزەلـــن. غەزەل، شـــیعرێکی عاشقانەیە وەسف و باسکردن و پێداهەڵدانی جوانیی و خۆشەویستییە، سەروایەکی ڕێکخرا و جوانی هەیە، بە کێشـی عەرووزیی دەنووسـرێت و بەیتەکان لە غەزەلێکی دیاریکراودا هەموو هـاوکێش و هـاوسـەروان و

لە ئـــاوازدا یەکـــن، دەقەکە لە ڕووی نـــاوەوە و لە ڕووی دەرەوە بـــۆ گۆرانیی دەسازێ، ئەوەندە ئاوازدارە کە سروشتییانە لە ڕۆح و ئاوەزدا دەبێتە گۆرانیی، شاعیر زۆرجار لەناو بەیتێک لە بەیتەکاندا یان لە بەیتی کۆتاییدا ناوی خۆی، یان ناوە خوازراوەکەی، یان ناوە کورتکراوەکەی خـۆی بەکـار دەهێنێت. هـاو سـەروایی، یـان سـەرواداریيەکی نزیـک لە یەکتـــری هەیە، یـــان ســـەرواگەلێکی تـــێکەڵاو کە توانـــای بەیەکەوە هەڵکردنیـــان هەیە لە دەقێکـدا وەک ئەوەی لە ســـەروای مەسنەویشـــدا پەیڕەودەکرێت، کە دواجـار کێشـەکانی دێڕێک ئـاوازدار دەکەن و دەبنە ڕیتمێک بۆ ئاهەنگ و موسیقا.

لە دیـوانە شـیعرییەکەی صـافی هیرانـی دا غەزەل زۆرتـرین پانتـایی دیوانەکەی داگیرکـردوو، ژمـارەی ئەو غەزەلانەی کە لە دیوانە دا هەن، بـــــریتیین لە (٥٢) غەزل، هەریەک لەو غەزەلانە جـــوانترین کـــێش و سەروای بـۆ بەکارهـاتووە، بەو هـۆیەوە زووتـر و بە شـێوەیەکی ئاسـان دەچنە بەر دڵان، دەروێشانی تەریقەت زۆر جار لە گەڵ دەف و زیکر و تەهلـیلات ئەو غەزەلانە دەخـوێننەوە، هەروەهـا چەنـد غەزەلێکـیش لە لایەن گۆرانیبێژانەوە، بۆ نموونە (عەلی مەردان و تـاهیر تۆفیق و هـێمن حسـین...) کـراوون بە گـۆرانی. بـۆ نمـونە ئەمەی خـوارەوە یەکـێکە لەو غەزەلانەی کە لە لایەن (هــێمن حوســێن و عەلــی مەردان) کـراوون بە گۆرانی.

ئەو پەرچەم و ئەگریجە هەموو دوژمنی دینە
ئەو زولف و ڕووە ئافەتی سەر ڕوویی زەمینە
عەشقت لە دڵم سابتە، نەک عارزە قوربان
وەک توڕڕەیی شاهان کە لەسەر ڕوویی نگینە
عالەم چ دەزانێ کە ئەمن کوشتەیی کێمە

لەو تیری موژەت زاهیرە دائیم کە بە خوێنە
بێعارە دڵم چەندی جەفای دەی هەقە، ئەمما
جێی ڕەحمە گوڵم چونکی ڕەقیب وا لە کەمینە
دڵ بوویتە کەباب بۆ مەزەیی دیدەیی مەستت
قوربان لەوە مەعلوومە کە لێوت نمەکینە
جانا وەرە وا غەرقەیی تۆفانی سوروشکم
بێ نووحی وەفات نابێ نەجاتم بە سەفینە
سافی کە لە خاکی دەری تۆ دوورە بە قوربان
سەگ مەرگی نەبێ، هێندە چلۆن قابیلی ژینە

**٢-٢- سەروای هەمەڕەنگ**

سەروای هەمەڕەنگ، بریتییە لە جۆراوجۆری سەروای جیاواز، کە ڕێگای داهێنانی بۆ شاعیرانی کورد فراوانتر کردووە، ئەم سەروایە بە پێی دابەشبوونی بە سەر لەت و دێرەکاندا مەودای ئاهەنگ و مۆسیقا لە شیعردا بە شێوەیەکی جۆراوجۆر دروستکردووە. ((شاعیران پەیڕەوییان لەو جۆرە سەروایە کردووە، بۆ ئەوەی هەست و سۆز و دیاردە دەروونییەکان بە ئاواز و ڕیتمێکی نوێ و واتایەکی تەواو بە بەرامبەرەکانییان بگەینن)) (ژوان عبدالسلام گەردی، ٢٠١٨، ١٦٨).

صافی هیرانی وەک یەکێک لە شاعیرانی کلاسیک پەیڕەوی سەروای هەمەڕەنگی کردووە و چەند شێوەو جۆری جیاوازی لەو بارەیەوە بەکارهێناوە، بۆیە ئێمەش تەنها ئەو جۆر و شێوانە دەخەینە ڕوو کە صافی شاعیر بەکاری هێناوون. ئەوانیش بریتیین لە: چوارین، چوار خشتەکی، پێنجین، پێنج خشتەکی..

خشتەی ژمارە (٢)

| جۆرەکانی شیعر | ژمارەی شیعر |
|---|---|
| چوارین | ٢ |
| چوارخشتەکی | ٤ |
| پێنجین | ٢ |
| پێنج خشتەکی | ٤ |

### ٢-٢-١- چوارین

بریتییە لەوەی کە شیعرێک لە چەند کۆپلەیەک پێک دێت و هەر کۆپلەیەک سەروای تایبەتی خۆی هەیە و لە چوار لەتە دێر پێک دێت. ئەم هونەرە لای زۆربەی شاعیرانی کلاسیک بۆ مەبەستەکانی وەک: فەلسەفە، سۆفیزم، دڵداری، مەی و مەیخانە، پەند و قسەی نەستەق بەکار دێت. بەڵام لای شاعیرانی و نوێ و لە ئەدەبی تازە ئەم هونەرە بۆ ((مەبەستی سیاسی و رەخنەی کۆمەڵایەتی دەخرێتە ڕوو)) (مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، ١٦٢).

لەچوارینداسەروای لەتە دێرەکانی هەر کۆپلەیەک دوو شێوەی هەیە، یان بە شێوەی (AABA)، دەنووسرێن کە پێی دەگوترێت چوارینی ناتەواو، لەم جۆرەیاندا سەروای لەتی یەکەم و دووەم و چوارەم وەک یەکن و سەروای لەتی سێیەم جیاوازە. یان بە شێوەی (AAAA) دەنووسرێت و پێی دەگوترێت چوارینی تەواو، لەمەیاندا سەروای هەر چوار لەتی دێرەکانی هەر کۆپلەیەک وەکو یەکن، ئەمەش پێی دەگوترێت سەروای چوارینی تەواو. بە پێی هەندێ سەرچاوە بێت ((ئەو هونەرە شیعرییە هونەرێکی فارسییە و لە کۆن لە سەر کێشی (لا حول ولا قوة الا باللە) بووە)) (گۆران سۆران، ٢٠٠٦، ٩٨). بەڵام شاعیرانی کورد بۆ

نووسینی ئەو جۆرە سەروایە سوودیان لە یەکێک لە کێشـەکانی عەڕوز وەرگرتووە.

صـافی هیرانـی لە دیوانەکەیـدا، لە یەکێـک لە شـیعرەکانیدا پەیـڕەوی بە کارهێنانی چوارینی تەواوی کردووە، شیعرەکە لە (١٤) دێر پێکهاتووە. ئەمەی خوارەوە کۆپلەیەکی شیعرەکەیەو سەروای لەتەکانی بە شـێوەی (AAAA) نووسراوە.

بە ئەبرۆت کوژاوم دڵم پڕ زوخاوە      برینی دەروونم دووبارە کولاوە
بەو دوو چاوە دڵ کوژاوە      یار بە قەتڵم ئەمری داوە...

وشـەی سـەروای ئەم چـوارینە بـریتییە لە: (زوخـاوە، کـولاوە، کـوژاوە، داوە) کە بەسـەر لەتەکـان دابەشـکراوە و مۆسـیقایەکی دڵگیـری بـۆ شیعرەکە دروست کردووە.

**٢-٢-٢- چوارخشتەکی**

هونەرێکی نووسینی شیعرە، شاعیر لە شێوەی چوار خشتەکی شـیعرەکەی بەیەک دەبەسـتێتەوە، چـوارین و چـوار خشـتەکی دوو هونەری جیاوازن، لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕووی شێوەی سەروا و لە ڕووی لەتە دێـرەوە هەردووکیـان وەکـو یەکـن و لە زۆر رووەوە وەک یەکتـر حسابیان بۆ دەکرێت، بەڵام بە پێی هەندێک لێکدانەوە بێت ئەوەمـان بۆ دەردەکەوێت کە چوارین یەکەیەکی سـەربەخۆیی هەیە و کەچی چـوار خشـتەکی سـەبەخۆ نیـیە، شـیعرێکی دوور و درێـژە و دابەش کـراوەتە سـەر چەنـد بەنـدێک، ئەگەر هەر بەنـدێکیش تـا ڕادەیەک مانـای سـەربەخۆی هەبێـت، بەڵام دیسـان هەر هەموویـان پـێکەوە لە چوارچێـوەیەکی واتـایی دان و پەیوەنـدییان بەیەکتـرەوە هەیە، کەواتە چـوارین جیـا لە چـوار خشـتەکی تـاڕادەیەک هـونەرێکی سـەربەخۆیە و ئاهەنگ و مۆسیقایەکی تایبەتی هەیە.

صافی هیرانی لە دیوانەکەیدا چوار شیعری لە شێوەی چوار خشتەکی هەیە، درێژی شیعرەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

| | | |
|---|---|---|
| درێژی شیعر بە (خشتەکی) | ٦ | ٧ |
| درێژی شیعر بە دێر | ١٢ | ١٤ |
| ژمارەی شیعری چوارخشتەکی | ١ | ٣ |

صافی هیرانی، لە هونەری بەکارهێنانی چوارخشتەکی ڕۆڵێکی باڵای هەیە و لە دیوانەکەی (**چوار**) شیعری بە شێوەی چوار خشتەکی نووسیوە، ئەمەی خوارەوە یەکێک لە نموونە جوانەکانی شاعیر و شێوەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی تەژی لە موزیک و ئاهەنگ بۆ شیعرەکە درووست کردووە..

موددێکە لە هیجرانی تۆ شێوایە دڵی من
سەرگەشتە وو بێچارە وو ڕیسوایە دڵی من
پەیوەستە لە کێوان و لە سەحرایە دڵی من
مەجنوون سیفەتە مائیلی لەیلایە دڵی من
ئەم وەحشییە ئەسڵا کە لە بۆ ئێمە نەبوو ڕام
هەرچەندە سەعی و کۆشش ئەکەم نایەتە نێو دام
ئایا لە سەر ئەم شۆڕشەیە چی ئەبێ ئەنجام
ئاساری کە لەم وەحشەتە پەیدایە دڵی من...

شاعیر لە کۆپڵەی یەکەمی ئەو شیعرەیدا سەروای لەتەکان وەک یەکە (AAAA)، وشەکانی سەروا بریتیین لە (شێوایە دڵی من، ڕیسوایە دڵی من، سەحرایە دڵی من، لەیلایە دڵی من). بەڵام لە کۆپڵەکانی دواتر بۆ نمونە لە کۆپڵەی دووەم سەروا بە شێوەی (BBBA) پێشکەش دەکرێت

و تا کۆتای هەروا بەردەوام دەبێت، واتا لەتی یەکەم و دووەم و سێیەم سەروای هەرسێکیان وەکو یەکەو سەروای لەتی چوارەمیش وەکو سەروای لەتەکانی کۆپلەی یەکەمی شیعرەکەیە. ئەمەش ئەو هونەرەیە کە شاعیر بەکاری هێناوە و بەو هۆیەشەوە جوانترین موزیک و ئاهەنگی بۆ شیعرەکە درووستکردووە.

س٢-٢-٣- **پێنجین:**

پێنجین جۆرێکە لە هونەری شیعر نووسین کە هەر شیعرێک لە چەند کۆپلەیەک پێک دێت و هەر کۆپلەیەک لە پێنج لەتە دێر پێکهاتووە، صافی لە بەکارهێنانی ئەو جۆرە هونەرەدا دوو پێنجینی داناوە. هەر شیعرێکی لەو جۆرە لە کۆپلەی یەکەمدا یەک جۆر سەروا بەکاردێت، واتا لە کۆپلەی یەکەمدا کە لە پێنج لەتە دێر پێکهاتووە هەر پێنج لەتە دێرەکان سەروایان وەکو یەکە، بەلاّم لە کۆپلەی دووەم و کۆپلەکانیتر سەروا دەگۆڕێت، لەم کۆپلانەدا لەتی یەکەم تا چوارەم سەروای هەر چوار لەتەکە وەکو یەکە، بەلاّم سەروای لەتی پێنجەمی هەمان کۆپلە لە چوار لەتەکە جیاواز دەبێت و سەرواکەی وەکو سەروای کۆپلەی یەکەمی شیعرەکە دەبێت. ئەمەی خوارەوە یەکێکە لە هونەرەکانی بەکارهێنانی پێنجین، کە صافی هیرانی بەکاری هێناوە:

سەبەب چییە ئەی دڵی دێوانە دووبارە پەشێواوی
لە عەقڵ و فەهمەوە دەرچووی، لە عەیب و عارە وا ماوی
مەگەر مەحکوومی یاری یا لەبەر ئیعدامێ ترساوی
وەکوو کوشتەی قەساب ئەی دڵ چییە وا غەرقی خوێناوی
لە گۆشەی بێکەسی دائیم لە غەمدا مات و داماوی
لە موڵکی حوسن و ئیقلیمی مەلاحەت تاکە ئەم شۆخە
عەجائیب شاهـ و عارز ماهـ و تینەت پاکە ئەم شۆخە

دلا سەد کوشتەیی وەک تۆی لە ژێر پێ خاکە ئەم شۆخە
ئەگەر فەرمووی لە قەتلی عاشقان بێباکە ئەم شۆخە
هەزاری کوشتووە وەک تۆ قەدی لاولاوی و لاوی
بە حەلقەی زولفەکەی، یارم عەجائیب داوی داناوە
بە دانەی خاڵەکەی سەر ڕووی فەریبی عالەمی داوە
لە وەحشەت بوو کە تەیری دڵ بە نێویا هات و تێ ماوە
چ سەیادێکە، سەد وەحشی لە چینی پرچی پێچاوە
خەلاسی تۆ نییە ئەی دڵ لە داوی زوڵفی باداوی

## ٢-٢-٤- پێنج خشتەکی

پێنج خشتەکی پێکهاتووە لە پێنج لەتە دێر (نیوەدێر) و دوو شاعیر تێدا بەشدارن، لەتی یەکەم و دووەم و سێیەم هی شاعیر خۆیەتی و دوو لەتەکەیتر چوارەم و پێنجەم هی شاعیرێکیترە. صافی هیرانی لە دیوانەکەیدا (**چوار**) شیعری پێنج خشتەکی هەیە، درێژی شیعرەکان بەم شێوەی خوارەوەیە:

خشتەی ژمارە (٤)

| | | |
|---|---|---|
| درێژی شیعر بە (خشتەکی) | ٥ | ٧ |
| درێژی شیعر بە دێر | ٢٥ | ٣٥ |
| ژمارەی شیعری پێنج خشتەکی | ١ | ٣ |

ئەمەی خوارەوە یەکێکە لەو نمونانەی پێنج خشتەکی، بەناوی (**پێنج خشتەکیی سافی لەسەر غەزەلێکی ناری و تاهیربەگ**):

من و دڵ ئەمڕۆ ئەو شۆخە لە خۆشی یەک بە دەی کردین
لە جامی لەعلی سەرخۆش و موقیمی مەیکەدەی کردین
هەتا مەحشەر خومار و مەستی ناز و نەشئەکەی کردین

بە غەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی مەستی مەی کردین
بە ماچی لێوی موستەغنی لە ئەنواعی مەزەی کردین
بە ئەو یارە بڵێن یاران چییە سووچ و گوناهی من
نەسیم ئەنگووت و شەو ڕۆیی چەمەن واڵا بوو ماهی من
چ قەوماوە مەگەر قوربان کە وا بەستووتە ڕاهی من
ترازا بەندی سوخمەی ئاڵی گوڵناری بە ئاهی من
کەچی دەستی لەسەر دانا لە سەیری باغی بەی کردین

لەم شیعرەی سەرەوەدا، لە پێنج خشتەکی یەکەمدا، وشەی سەروا بریتین لە (یەک بە دەی کردین، مەیکەدەی کردین، نەشئەکەی کردین، مەستی مەی کردین، مەزەی کردین). لێرەدا وشەی (کردین) پاش سەروایە و پیتەکانی (ەی) سەرواکەی دروست کردووە. سەروای پێنج خشتەکی یەکەم بەو شێوەیەیە (A A A A A)

لە پێنج خشتەکییەکانی تر و تا کۆتایی شیعر سەروا تاڕادەیەک گۆڕانی بەسەردادێت، سەروای لەتی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەم وەکو یەک دەبن و بەڵام وەکو سەروای پێنجخشتەکی یەکەم نابن، بەڵام سەروای لەتی پێنجەم لە سەروای چوار لەتەکانی پێش خۆی نابێ و وەکو سەروای پێنج خشتەکی یەکەم دەبێت، واتا بەو شێوەیەی خوارەوە دەبێت (BBBBA).

## ئەنجام

سافی هیرانی شارەزاییەکی باشی هەبووە لە تەوزیفکردنی ئاهەنگ و مۆسیقا لە شیعرەکاندا، بە هۆی نەزم و ئاوازەکانییەوە شیعرەکانی بوونەتە جێی بایەخ و لە کۆڕی تەهلیل و حەلقەی زیکری سۆفیانە لەگەڵ دەف لێدان دەگوترێنەوە. هەر ئەمەشە وایکردووە مۆسیقا لە لایەک و ئەدەبی سۆفیگەری لەلایەکیتر بە تەواوەتی ببنە پێناسەیەک بۆ بەرهەمەکانی صافی.

شیعرەکانی صافی هیرانی، لە شێوەی داڕشتنی هونەرەکانی سەروا و جۆرەکانی سەروادا لە ئاستێکی بەرزدان، بە تایبەتی سەروای ئەو غەزەلانەی کە بە هۆی ئاست بەرزی هەریەکەیانەوە مۆسیقایەکی سەرنجڕاکێشیان لێ دروست دەبێت، شیعرەکان بە ئاسانی دەکەونە بەر دڵان، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی چەند هونەرمەندێک غەزەلەکانی بکەن بە گۆرانی.

لە شیعرەکانی صافی هیرانی دا، ئەو پەیوەندییە روحییە بەهێزەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە نێوان شیعر و شاعیردا هەیە، شاعیر لە ڕێگای وشەکانەوە هەست و ناخی خۆی ئەداکردووە و بە هۆی تواناکانییەوە هێزێکی سیحری بۆ ڕاکێشانی خوێنەر دروستکردووە، ئەمەش بۆ ئەو مۆسیقایە دەگەڕێتەوە کە لە سەروای شیعرەکاندا بوونی هەیە، لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەبوونی مۆسیقایەکی جوان لە شیعردا هۆکارە بۆ ئەوەی شیعرەکە بایەخدارتر بێت و، لەگەڵ ئەوەشدا توانا و ئاستی زیرەکی شاعیرمان پیشان دەدات.

## سەرچاوەکان

### سەرچاوە بە زمانی کوردی:

١- دلشاد عەلی، ٢٠٠٧، دیلان و تاقیکردنەوەی شیعری، چاپی یەکەم، دەزگای سەردەم. سلێمانی.
٢- ژوان عەبدولسەلام عەزیز گەردی، ٢٠١٨، شێواز لە شیعرەکانی کامەران موکری لە ژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی (فیلۆلۆجی لیو شپیازەر)دا، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر.
٣- گۆران سۆران فەیزی، ٢٠٠٦، باری ئەدەبی کوردی لە شاری هەولێر لە نێوان سالانی ١٩٣٥-١٩٥٨، چاپی یەکەم، هەولێر.
٤- عەزیز گەردی، ٢٠١٤، کێشناسی کوردی چاپی یەکەم، چاپخانەی نارین، هەولێر.
٥- مارف خەزنەدار، ١٩٦٢، کێش و قافیە لە شیعری کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی الوفاء، بەغدا.
٦- مارف خەزنەدار، ٢٠٠١، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

### سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:

١- شعبان صلاح، ٢٠٠٥، موسیقی الشعری بین الاتباع و ایبتداع، طبع الاولی، دار الغریب للطبع، القاهره.
٢- شوقی ضیف، ١٩٨٧، فی التراث والشعر واللغه، طبع الاولی، دار المعارف للطبع، القاهره.

## خلاصة

قافیه به عنوان یکی از جنبه های اصلی موسیقی شعر در پیوند با وزن، نقش عمده ای در ایجاد (موسیقی بیرونی) دارد بنابراین، اگر وزن در شعر، به ویژه در شعر کلاسیک، ملودی ایجاد کند، قافیه هم از طریق تکرار حروف در سرتاسر شعر، به ویژه در انتهای سطرها، موسیقی دلنشینی برای موسیقی بیرونی در شعر ایجاد می کند به همین دلیل است که شاعران کلاسیک به ویژه صافی حیرانی زیباترین موسیقی را در اشعار خود ارائه می کنند استفاده از وزنه و بیشتر هنرهایی را که موسیقی دلپذیر و جذابی را ایجاد می کند به کار برده اند.

منطقه خوشناوتی است که در جوانی اشعاری در مورد عشق و شادی سروده است وی بعدها به درجات عالی رسید و از شاعرانی بود که تصوف و ادب را در هم آمیخت اشعار صافی مملو از ریتم زیبا و موسیقی پرمعنا است، شاعر آنچنان حکیمانه سروده است که زیبایی سطوح ریتم و انواع ریتم را در تمام سطرهایش احساس می کنیم در مجموع شاعر از وحدت قافیه و سایر هنرها استفاده می کرد و توانایی و درایت او در غزلیات و اشعار و رباعیات و همه اشعارش به زیبایی نمایان است.

واژگان کلیدی: شعر کلاسیک، قافیه، صافی، موسیقی منظوم